# هەموورۆژ نیسانەلای مەلا کرێکارێکاریەکان

تەهائەمین هەلەدنی

یادگاری ڕەنجی پەنجەی کوردەکانە چوار ئەساس
قەسر یەک، ئاراس دوو ،شامات سێ ،بەغداد چوار
فەخرە بۆ من ئیعتزازیو حورمەتی چوار تایەفە
زەند یەک،گەڵباخی دوو، شێروانی سێ ،میدیا چوار
بازبووم باڵێ شکانم چوار باڵای نەحسی خراپ
خانەقا یەک ،تەکێ دوو،عەمامە سێ،عابا چوار
خوای پرۆلیتار حەزرەتی قانع

بەڵگەنەویستە کەخوای پرۆلیتاریای کوردان قانع دروودی خوای مەزنی دیاکۆی لێبێ، ڕەنگە لە هەموو کەس باشتر عەمامە بەسەرەکانوو مەلاکانی ناسیبێ،بۆیە ئەفەرموێ بازبووم ،باڵی شکانم چوار بەلای نەحسی خراب.
هەروەها خوای پرۆلیتاریا وەک خوایەک مێژوی گەلەکەشی باش ناسیوە، بۆیە ئەفەرموێ:

یادگاری ڕەنجی پەنجەی کوردەکانە چوار ئەساس
قەسر یەک،ئاراس دوو،شامات سێ،بەغداد چوار

هەمیشە زیندوو قانع مەبەستی لەوەیە کە شام و بەغدادیش کورد دروستی کردوە.
لەڕاستیدا بەغداد، بەغداد نیە، بەڵکوو ڕاستیەکەی باغی دادە:واتە باغێک لەوێ دادپەروەری هەیە. باغی داد ،چ لە نزیک چ لەدوور هیچ پەیوەندەیەکی بە عەرەبەوە نیە، لەڕاستیدا عەرەبەکان637زاینی خاکی پیرۆزی کوردانیان ئالودەی شیرپەنجەی ئیسلامی کرد.
لە 637وە گەرای ژەهراوی ئیسلامیان چاندە مێشکی پاکیزەی کوردەوە.
لەو ڕۆژەوە دەرگای تالانیو کوشتووبڕیان هێنایە خاکمان،لەو ڕۆژەوە ئیسلام هات تووشی نالەبارترین ساتەمەرگی ژیان هاتین.
ئەوە ئیسلامیەکانن بێ ئابڕوویانە درۆ دەکەن، درۆیەک دەکەن، تەنها بە خوێن نامەکەی قورئان نەبێ پینە ناکرێت.

جا بابزانین ئەم بۆچوونەمان ڕاستە، یا تاوان و بوختان بۆئیسلامموو و ئیسلامیەکان دروست دەکەین،با ویژدانمان بکەینە بینەر،لەجایاتی کەللەڕەقی کینەلەدڵاننە،تا هێندەیتر نوقمی جەهلوو تەخەلووف بین.
مەلا بەشیر لە سیدێیەکدا بەناوی "خوتبەی حجاب،زنیجیرەی3" دا ئەڵێو لە لە کەللەی سەر ئەشیرێنێ : خوشکانی موسڵمان چۆکیان بە بڕیارەکانی فەڕەنسا دا دا.
ئەو ئەڵێ: فەڕەنسا ویستی خوشکانی موسڵمان لە فەڕەنسا بێ ئەخلاق بکا، فەڕەنسەییەکان ویستیان سەرپۆش لە سەری خوشکانمان بکەنەوە، چونکە ئەوان وایان زانی بە داگرتنی سەرپۆش لەسەر سەری خوشکانمان، ئیتر کلتووری ئیسلامی لە بەین دەبرێ.
ئەڵێ: ئەوان بڕایاریان داوە بەمەی و سۆزانی ئیسلام لەناو بەرن.
بەڵام ڕاستیەکی وانیە، مەلا بەشیرەیەکان درۆ دەکەن،لە بنی پێانەوو تا تەوقی سەریان. چونکە پێجشەمەی2ی سێپتەمبەری2004 بڕیاری یەکجاردراو خرایە جێبەجێکردنیشەوە، کە لەورۆژەوە بەدواوە ڕێگەیان لە کیژانی ئیسلامی گرت کە بەسەررووە بچنە نێو قوتابخانە.
بڕیارەکە کاری پێکراو، هەرگیز فەڕەنسا لە بڕیارەکەی ژێوان نەبۆوە.
هەندێک هەڕەشەو گورەشەش کرا،وەک پیشەی هەمیشەیی ئیسلامەکان،هەندێک ترۆریست بڕیارییاندا ،کە دوو ڕۆژنامە نووسە فەڕەنسیەی کە دەست بەسەرن، سەریابڕن.
لەکاتێکدا ئەگەر فەڕەنسا ژێوان نەبێتەوە، لەو بڕیارەی دەربارەی، نایاسایی کردنی سەرپۆش،فەڕەنسا وەڵامی فەرمی نەداوە.
ئەم هەواڵوو بڕیارەش بە دزیەوە نەدراوە، بەڵکوو لە مەدیاکانی سەرجەم گێتیدا بڵاو کرایەوە.
کەواتە مەلا بەشیر درۆ دەکا.
بەڵام مەلا بەشیر بۆ ئەو درۆیە دەکا؟
لە کوێدا ئەو درۆیە دەکا؟
مەبەستی چیە، لەم درۆ گەورەیە؟
هێشتا بەرەی تورکمانی گازەندەکا، کە شاری هەولێر شارێکی تورکمانیەو کوردێندراوە.

چی لە پشت ئەم درۆ کردنەوەیە؟
تۆ بڵێ مەلا بەشیر، هێندە تێنەگا، کە خەڵک هەبێ کە ئەم هەواڵەی بیستبێیو بە درۆی بخاتەوە؟
ئەی ئەگەر بەدرۆیان خستەوە،خەڵکی چی ئەڵێن،خۆی چی ئەڵێ؟
بڵێی مەلا بەشیرێکی تورکامان، لەخۆیەوە ئەو کارە بکا، یاخوود دەستێکی لە پشتەوەیە؟
ئەوێرین بڵێین مادام مەلا بەشیر تورکامانە، خۆ تورکمانەکانیش موسوڵمانن، ئەی بۆ بە تورکامانی و تەنها تورکمانەکانی باس ناکا؟
بۆکورد مەلای کەمە، یا لەکوردا مەلا نیە؟
مەگەر بەرەی تورکمانی لە هەولێدا نیە، کە  قەڵای هەولێر بکڕن؟
وەڵام ،با هەرکەس لەئاستی خۆیەوە دۆزەی بۆ بکا.
گشتمان دەزانین کە هەموو جۆرە مەلایەک دەست دەکەوێ لە ئەوروپا ،ئەمەریکا،بەڵام جگە لە ئاوارە کەس گوێیان لێناگرێ .ئەوروپی ،ئەمەریکی نەک هەر گوێ لە مەلا ناگرن، بەڵوو نەفرەت لێکراویشن.
وڵاتانی پێشکەوتوو دمێکە مێردەزمەی ئاینیان  لە کۆڵ بۆتەوە.
گرنگ نیەکە مەلابەشیر چەند گوێگری هەبێ،گرنگە کە بزانین کە یاسر عەرەفات خاوەن 4ملیاردو 200 میلیۆن دۆلارە،ڕۆژنامەی پەیامێری ئەلیکترۆنی2004،11،3.
کەچی ئەگەر چرکە لە گۆڕەکەی محەمەدەبێ، چرکە لە دەمی خەڵکەوە نایە.
فەلەستینەکان و عەرەبەکان نەک هەر چرکەشایان لێوە نایە بەڵکوو هێشتا بە پاڵەوانی نەتەوەیی دەزانن. کێشەی هەرە گەورەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕست لێرەدایە، کە کوێری کوێرانە دزوو جەردە دەکەنە سەرداروو سەروەر.
ئاخر 4،2 میلیارد دۆلار بۆ گەلێکی وەک فەلەستینی،هێندە زۆرە ئەگەر هەمووشیان پاشا ئاسایی بژین،هێشتا هێندەی دەمێنێ کە کیشوەرێکی وەک ئەفریکای برسی پێ تێربکرێت.
مەلاکان بەڕاستی تۆوی جەهل و ستەم دەچێنن، ئەوە نیە ماڵپەڕی کوردە ئیسلامیەکان بە شانازیەوە لەبابەتی کۆیللە کردنی مرۆڤ دەدوێن.
ئەوان لەماڵپەڕەکەیاندا بەشانازیەوە ئەڵێن: پێغەمبەری خۆشەویست فەرموویە :

ﻼ ﻩ ﻻ ﺴﺎﻝ ﻋ ﻬِﻢ - ﻋ ﻲ ﻻ ﻬﻢ ﻣﻦ ﺍﻟﻬﺎﻝ ﻦ- : ﺭﺣﻞ ﺍﺭﻕ ﺍﻟﺤﻤﺎﻋﻪ ﻭﻋﺼ ﺍﻣﺎﻣﻪ
ﻭﻣﺎ ﻋﺎﺻﺎً، ﻭﺍﻣﻤَﻪ ﺍﻭ ﻋ ﺪ ﺍ ﻤﺎ ، ﻭﺍﻣﺮﺍ ﻋﺎ ﻋ ﻬﺎ ﺭﻭﺣﻬﺎ، ﺪ ﺍﻫﺎ ﻢ ﻭ ﻩ ﺍﻟﺪ ﺍ،
ﺮﺣ ْ ﻌﺪ ، ﻼ ﺴﺎﻝ ﻋ ﻬﻢ) ﺭﻭﺍ ﺍﻟﺤﺎ ﻢ ﻭﺍﺣﻤﺪ ﻭﺳ ﺪ ﺻﺤ ﺢ .واته: (له ڕۆژی دوایی سێ جۆر له خەڵکی له پشت گوێ دەخرێن وتیاچوونه ,پیاوێک له کۆمەڵی موسڵمان دوور بکەوێتەوه سەرپێچی سەرکردەی کردبێتت وه له سەر ئەم سەرپێچی یه مردبێت. وه کۆیلەیەک ڕابکات لەژێر دەستی خاوەنەکەی و نەگەڕێتەوە تا دەمرێت .وه ئافرەتێک پیاوەکەی بڕوات و سەفەر بکات و هەموو پێویستی یەکانی بۆ دابین کردبێ له گەڵ ئەمەدا بچێت خۆی دەربخات وجوانی خۆی بۆ پیاوانی نامەحرەم بەدەربخات.

http://www.khoshkan.com/hijab/11hijab.htm

هەرچەند کۆیللە بەناوە کلاسیکیەوە بوونی نیەو نەماوە.

بەلام بە شیکردنەوەی مۆدێرنی هێشتا،کۆیللەی دەژی، لەگەڵ ئەوانەشدا کۆیللەدران مافی کوشتنی کۆیللەکانیان نیە. کۆیللەداران ناتوانن کۆیللەکانیان بفرۆشن ڕاستەوخۆ.

مەلا بەشیرەیەکان دەیانەوێ، بۆ هەتەهەتایە لە کۆمەڵگای شارستانیمان دابڕن. سەرجەم دانیشتوانی گەردوون کە خۆی لە 6میلیاردێک دەدا،لەو6میلیاردە 5 میلیاردی سەرپۆشی فڕێداوە،تەنها ئەو کۆمەڵگا دواکەوتوەکان ماون، کە هێشتا مرۆڤ سەردەبڕن،کە هێشتا بەهای مرۆڤێک و کیلۆیەک پەتاتە یەکێکەلایان.

ئەوان دژی شیعری شاعیرە هاوچەرخەکانمانیش دەچنە سەنگەرەوە. چونکە شاعیری هەمیشە زیندوومان ئەفەرموێ:

نەسرین دەمێک داخت لە دڵمە
سەرپۆش فڕێدە چ وادەی شەرمە.

هەروەها خوای عەشق وئازادی کوردانیش مامە هێمن ئەفەرموێ:

دیم کچێک لەباری لادێی
بۆ نوێژ ڕادەخا بەرهەڵبێنی.
گووتم :ئەی نازەنین کە ڕوخسارت
هەموو باخی بەهاری خوا دێنێ
بۆچی پێت وایە ئەو خوا گەورە
هێندە بێ ڕەحمە تۆش بسوتێنێ؟

خوای عەشق و ئازادی مامە هێمن داوا لە کیژانی کورد دەکا،نەک هەر سەرپۆش نەکەن ،بەڵکوو ئەو هەرگیز نەمرە داوا دەکا کە نوێژیش نەکەین.

چونکە هێمنی هەرگیز نەمریش شارەزای تەواوی خوێن نامەی قورئانە ،ئەو کێوە بەرزە زانیویە کە سورەی مائیدەی45 یەکێکە لە بەندەکانی حامورابی.
مامۆستا زانیویە کە حامورابی 1500 ساڵ پێش لەدایک بوونی محەمەدی کوڕی عەبدوڵادا ژیاوە،کەواتە هەرگیز نەمر زانیویە کە محەمەد دزی لە دەستوورەکانی حامورابی کردوە.
محەمەد ڕاست ناکا کە ئەڵێ ئەو سورەی مائیدەی 45 خوا بۆی ناردوە.
سورەی مائیدەی کە حەمەی ئامە قوڕەیشی گازەندە دەکا کە خوا بۆی ناردوە، لەسەر بەرد هەڵکەندراوە،هێشتا لە مۆزەخانەی لۆڤەری پاریس پارێزراوە.
خۆزگە دەروێشەکانی دەورووبەری مەلاکرێکار دەیان پرسی، کە ئایا وەڵامی مەلا کرێکاریەکان دەبێ چی بێ،چۆن دەتوانن وەڵامێک بدەنەوە کە حامورابی1500ساڵ پێش حەمەی ئامە قوڕەیش ژیاوە، کەچی ئەڵێ:مائیدەی45 خوا بۆی ناردوم؟
دڵنیام وەک مەلا بەشێر شتێک دەدۆزێتەوە کە ووتی:خوشکانی موسوڵمان چۆکیان بە دەسەڵاتدارانی فەڕەنسا دادا کە خوشکانی موسوڵمان سەرپۆش بپۆشن لە قوتابخانەکاندا.
کارم بە نووسینەکانی مەعروف ڕەسافیەوە نیە کەلە کەسایەتی محەمەدائەڵێ:محەمەد درۆ دەکا.
مەعروف ڕەسافی هێشتا یەکێکە لە شاعیرە ناودارەکانی جیهان، پەیکەرەکەی ئەو هێشتا لە ناوەڕاستی باغیدادا ڕێنیشانی خەڵک دەدا.
سەرجەم پەکەرەکانی مرۆڤخۆرەکەی باغیداد سەدام ووردوخاشکرا،بەڵام هێشتا ڕەسافی مایەیی سوجدەی مرۆڤە.
ئاخر ڕەسافی ئەفەرموێ:محەمەد ووتی:هاوبەش بۆ خوا پەیدا مەکەن،کەچی هەرخۆی سەپانی بەسەر ئیسلامەکاندا کە ڕۆژی 5 جار بڵێن خوایەک نیە جگە لەخواکەی خۆیان حەمەی ئامەش پێغەمبەر خوایە.
هەر زۆر بەکوورتی سەرپۆش لەبەر ئەوەی جوانی سروشتی کیژان دەشارێتەوە،پێویستە فڕێبدرێ،سەرپۆش نەک هەر نازەنینی ئافرەت دەشارێتەوە،بەڵکوو بەپێی فاکتای پزیشکانیش زیان بەخشیشە، خەتەرناکیشە بۆ ئافرەت. فەرموو خۆت بڕیار بدەو کە باوەڕ بە دکتۆرێکی شارستانی

سەردەم بکەی و ڕەفتار بکەی، یا سەرەک خێڵێکی چاخە کۆنەکانی جەهلی عەرەبی کە قورئانی حەمەی ئامە قورەیشیە.

## دەستەو یەخەی ئیسلام و زانست.

**تەها ئەمین هەڵەدنی**

**گومان مان نیە کە ئیسلام و زانست دوو ڕشتەی دژ بە یەکن، هەرگیز لە بۆتەیەکدا هەڵناکەن. هەروەک خنکاندن و شیعراندن، سێدارە و پەخشان، ماچ و کوتەک، تاریک و ڕون، گەرم و سارد، شێت و ووشیار، سەرمایەدار و کۆمەنیست. ئەگەر چلورە ئاگرێک لە پاوەنێ پوش نزیک بکەیەوە گومانمان نیە کە ئاگرەکە پوشەکە دوسوتێنی، لە پاشانیشدا ئاگرەکەش دەکوژێتەوە.واتە یەکتر لاناو دەبەن. بەڵام مەرج نیە هەموو دژەکان یەکتر لەناو بەرن.ئاگر ئاو دەکوژێنێتەوە، بەڵام ئاو لەناوناچێ!**

**کریستیان لە ئەوروپا دەسەڵاتدار بوو، زانست زیندانی ئاین بوو.بەڵام زانست دینی بەزان. ئێستاش دین ئازادە.کەچی دۆستی نیە.کڵێساکان چۆڵن.**

**کڵێسا بۆتە ئاسەوار، یا جێگەی چاخانەکانی ڕۆژهەڵاتی گرتۆتەوە ، لە بێکارو پەککەوتە زیاتر میوانی ناکەن.**

**بەڵام هەروا بەسانایی ئاین دەسەڵاتی لەدەست نەدا، بەڵکوو خوێنیدا، خوێنی باشترینی ڕۆڵەکانی.**

**خۆێنی بە ئەمەکترین و هەرەووشیارەکانی گەلەکانی ئەورپایان کردە کاسەی بە خوێن تینوی دژە زانستیەکان.**

**نیکۆلای کوپرینگ (1473،1543) پۆلۆنی کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا سەلماندی کە زەوی بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە، هەروەها لە هەمانکاتدا بەدەوری ڕۆژدا دەسوڕێتەوە.**

**ئەو بلیمەتە بێ تەکنیکە 30 ساڵی خنج لە کەمیندابوو. لەسەرەمەرگیدا، زانست دۆستەکانی لێکۆلینەوەکانیان بۆ کردە پەڕتوکێک.**

**بەڵام بە درێژی 30 ساڵ لە ژێر چاو دێری پۆلیسی کڵێسادا بوو، هەرگیز ڕۆژێ بە ئاشکرا نەیتوانی توێژینەوەکانی لە ئاسامانێکی ئازادا ئەنجامبدا.**

**کارەکانی ئەو بلیمەتە یەکەمین پاچ بوو لە گۆڕی دەسەڵاتی کڵێسا.**

**گالیله ئوگا لیله (1563،1646) بۆ یەکەمینجار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تەلەسکۆپی دروست کرد.توانی تەنەکانی ئاسمانو و دەوروبەر 30 بار گەورەتر لە خۆی نیشان بدا.ئاشکراشی کرد کە ژمارەی ئەستێرەکانی ئاسمان گەلەک پرترن(زیاترن) لەوەی بە چاوی ئاسایی دەبیندرێن.**
**کلێسا دۆزینەوەکانی گالیلەی بۆ هەرس نەکرا.گالیلەی 70 ساڵە 5 مانگ لەژێر ئەشکەنجەو لێپرسینەوەدا توبەی پێدادراو هەتا مردیش لە ژێر چاو دێری کلێسا دا بوو.**

JEANNE D´ARC ca.1412-1431

ژان دێ ئارک کیژێکی قارەمانی فەرەنسیە،کە دووجار فەرەنسای لە دەست ئینگلیز رزگار کرد. کەچی چونکە زانای زیاتر بوو لە کەشیشەکان ،کەشیشەکان بۆیان قووت نەچوو،تاوانی جادوگەریان خستە دوای و لە جیاتی پاداش کە فەرەنسەی رزگار کرد. بەزیندووی لە سەر زەمین دۆزەخیان بۆ راخستوو سوتانیان.
ئەوروپایەکان 6 ملیۆنیان لێسوتێنرا بە فەرمانی کلێسا،تا رزگاریان بوو لە دەسەلاتی Haxaprosess پاپەکان.
دەسەلاتی دوێنێی کلێسا ئەو خانمە شۆرشگێرەیان سوتان،دەسەلاتی ئەمرۆی زانست پەیکەریان بۆ دروست کرد.
کە ئێستاش بە 3 ، 4 دەولەتی ئەورووپی 6 ملیۆن نابن.
مەرج نیە کە عیسا ووتی:ئەگەر زلەیەکیان لە رووومەتی چەپدا ، رووومەتی راستیان تێکە!
عیسا تا خۆی لە ژیاندا بوو ، نەگەشتبوە دەسەلات.
قورئانی ئیسلامەکان سەرپۆش دەسەپێنێ بەسەر ژندا ،بەپێی دەقی قورئان ژن دەبێ دەستوو دەموچاویشی وەشارێ. لە راستیدا نابێ روومەت بەدیار بێ. تەنانەت دەبێ سەرپۆشەکان بە شێوەیە بێ کە سنگی ژن داپۆشێ. دەنا پەژراندنی خواو نوێنەرەکەی بەدەست ناهێنێ.
سۆمالی،ئەفغانی جۆری جلی تایبەتیان هیە کە پێی دەوترێ (درع) ئەو شێوە بەرگە لە هەموو شێوە جللی ژنانی ئیسلامیەکانی تر گونجاو ترە لە رووی داخوازی قورئانەوە.
ئیسلامەکانی کە دەمووچاو نا شارنەوە پەیرەوی قورئان ناکەن.چونکە النوری 30 ئەلێ دەبێ دەوموچاویش وەشێردرێ. بە کورتی دەبێ ژن وەک یاپراخ پێچرابێتەوە.النور 30.

!Error

ٱللَّهَ هُوَ ٱلْحَقُّ ٱلْمُبِينُ ﴿٢٥﴾ ٱلْخَبِيثَٰتُ لِلْخَبِيثِينَ وَٱلْخَبِيثُونَ
لِلْخَبِيثَٰتِ وَٱلطَّيِّبَٰتُ لِلطَّيِّبِينَ وَٱلطَّيِّبُونَ لِلطَّيِّبَٰتِ أُولَٰٓئِكَ
مُبَرَّءُونَ مِمَّا يَقُولُونَ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ ﴿٢٦﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُوا۟ لَا تَدْخُلُوا۟ بُيُوتًا غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّىٰ تَسْتَأْنِسُوا۟ وَتُسَلِّمُوا۟ عَلَىٰٓ
أَهْلِهَا ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴿٢٧﴾ فَإِن لَّمْ تَجِدُوا۟ فِيهَآ
أَحَدًا فَلَا تَدْخُلُوهَا حَتَّىٰ يُؤْذَنَ لَكُمْ وَإِن قِيلَ لَكُمُ ٱرْجِعُوا۟
فَٱرْجِعُوا۟ هُوَ أَزْكَىٰ لَكُمْ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ ﴿٢٨﴾ لَّيْسَ عَلَيْكُمْ
جُنَاحٌ أَن تَدْخُلُوا۟ بُيُوتًا غَيْرَ مَسْكُونَةٍ فِيهَا مَتَٰعٌ لَّكُمْ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ
مَا تُبْدُونَ وَمَا تَكْتُمُونَ ﴿٢٩﴾ قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا۟ مِنْ أَبْصَٰرِهِمْ
وَيَحْفَظُوا۟ فُرُوجَهُمْ ذَٰلِكَ أَزْكَىٰ لَهُمْ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرٌۢ بِمَا
يَصْنَعُونَ ﴿٣٠﴾ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَٰتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَٰرِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ
فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ
عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ ءَابَآئِهِنَّ أَوْ ءَابَآءِ

هەروەها هاتنی(ئایەی) پارتەکان(الاحزاب58) کە دوبارەیەو هەمان فەرمان دەدا بەسەر هەوادانی ئیسلامدا.

وَٱلَّذِينَ يُؤْذُونَ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ بِغَيْرِ مَا ٱكْتَسَبُوا۟ فَقَدِ
ٱحْتَمَلُوا۟ بُهْتَٰنًا وَإِثْمًا مُّبِينًا ﴿٥٨﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ قُل لِّأَزْوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ
وَنِسَآءِ ٱلْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰٓ أَن يُعْرَفْنَ
فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٥٩﴾ لَّئِن لَّمْ يَنتَهِ ٱلْمُنَٰفِقُونَ
وَٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَٱلْمُرْجِفُونَ فِى ٱلْمَدِينَةِ لَنُغْرِيَنَّكَ بِهِمْ ثُمَّ
لَا يُجَاوِرُونَكَ فِيهَآ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٦٠﴾ مَّلْعُونِينَ أَيْنَمَا ثُقِفُوٓا۟ أُخِذُوا۟
وَقُتِّلُوا۟ تَقْتِيلًا ﴿٦١﴾ سُنَّةَ ٱللَّهِ فِى ٱلَّذِينَ خَلَوْا۟ مِن قَبْلُ وَلَن تَجِدَ
لِسُنَّةِ ٱللَّهِ تَبْدِيلًا ﴿٦٢﴾ يَسْـَٔلُكَ ٱلنَّاسُ عَنِ ٱلسَّاعَةِ قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ
ٱللَّهِ وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّ ٱلسَّاعَةَ تَكُونُ قَرِيبًا ﴿٦٣﴾ إِنَّ ٱللَّهَ لَعَنَ
ٱلْكَٰفِرِينَ وَأَعَدَّ لَهُمْ سَعِيرًا ﴿٦٤﴾ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا لَّا يَجِدُونَ وَلِيًّا
وَلَا نَصِيرًا ﴿٦٥﴾ يَوْمَ تُقَلَّبُ وُجُوهُهُمْ فِى ٱلنَّارِ يَقُولُونَ يَٰلَيْتَنَآ
أَطَعْنَا ٱللَّهَ وَأَطَعْنَا ٱلرَّسُولَا۠ ﴿٦٦﴾ وَقَالُوا۟ رَبَّنَآ إِنَّآ أَطَعْنَا سَادَتَنَا
وَكُبَرَآءَنَا فَأَضَلُّونَا ٱلسَّبِيلَا۠ ﴿٦٧﴾ رَبَّنَآ ءَاتِهِمْ ضِعْفَيْنِ مِنَ ٱلْعَذَابِ

لە پێشدا گوتمان کە ئاینو و زانست لە گەڵیەکدا ناگونجێن، وا فاکتا خۆی دەسەپێنێ بۆ پاڵپشتی توێژنەکەمان.

چونکە دین ئەڵێ سیر، زانست ئەڵێ پیاز. کورە کاکە نێرە، نەخێر بیدۆشە!

پرۆفیسۆر تیرینس دایمۆند لە زانکۆی نیوساوس وێلز ڕایگەیاند بۆ گۆڤاری (میدیکاڵ تریبیۆن) کە ژنی سەرپۆشدار زیاترتوشی نەخۆشی ئێسک دێن.ناوبراو ڕایگەیاند کە سەرپۆش دەبێتە ڕێگر لەبەردەم تیشکی ڕۆژ.کە دەبێتە هۆی کەمی ڤیتامین دی لە گیانیادا . کەئەوش کاری خراپ دەکاتە سەر نەشوونمای ئێسک، هەروەها لە هەمانکاتدا بۆتە هۆی بەرزبونەوەی ڕێژەی هۆرمۆنی ئەراسۆر مون**کە بۆتە هۆی نیگەرانی و سەرسوڕمانی پرۆفیسۆر دایمۆند، کە هۆکارێکی ژیرانە ی بۆنادۆزرێتەوە!

وەک ئاشکرایە ئوستورالیا وولاتێکی گەرمە و تیشکی ڕۆژ خۆڕاییە.

**ئەی وولاتانی ئەروپی چی، کە ڕۆژ لە چرایەکی نەخش دەچێ، سەرئەنجامی سەرپۆشداران دەبێ چی بێ؟**
**ئەو هەواڵە ڕۆژنامەی الشرق الئەوسەتی ڕۆژی 2002،06،03بڵاوی کردەوە کە لە سعودیە دەردەچێ، ئەفسوس هێشتا ڕۆژنامەکانی کوردوستان ناوێرن خۆیان لە قەرەی ئەم جۆرە فاکتانە بدەن.**

## دراسة طبية: المسلمات أكثر عرضة من غيرهن لأمراض العظام

**mon arathor

http// members.tripod.com/~Pjusk/politiker/jeada.html